# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی حەوت شتی پێکردن، ونەهی لێکردین لە حەوت شت

لە بەرائی کوڕی عازیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی حەوت شتی پێکردن، ونەهی لێکردین لە حەوت شت: «فەرمانی پێکردین: بە سەردانیکردنی نەخۆش، وشوێنکەوتنی جەنازە، و وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی دەپژمێت (بڵێیت -یرحمك الله- بە ئەو کەسەی دەپژمێت ودەڵێت -الحمد لله-)، ویارمەتیدانی خەڵکی بۆ جێبەجێکردنی سوێند خواردنەکەیان، وسەرخستنی ستەملێکراو، و وەڵامدانەوەی داوەتکردن، وبڵاوکردنەوەی سەلامکردن. ونەهی لێکردین: لە لەدەستکردنی ئەنگوستیلەی ئاڵتون، ولە خواردنەوە لە پەرداخی زیو، ولە بەکارهێنانی میسار (ڕاخەرێکە -کوشینێکە- لەسەر پشتی ئاژەڵ دادەنرێت لە ئاوریشم دروستدەکرێت کە لۆکە لەناویدایە وخاوەن ئاژەڵەکە لەسەری دادەنیشێت)، ولە -پۆشینی- قەسی -بۆ پیاوان- (جلێکە لە کەتان دروستدەکرێت کە ئاوریشمیشی تێدایە لە شارەکانی میسر دروستدەکرێت)، ولە پۆشینی قوماشی ئاوریشم (حەریر) -بۆ پیاوان-، ولە -پۆشینی- ئیستەبرەق -بۆ پیاوان- (کە جۆرێکە لە جلی ئاوریشمی ئەستوور)، ولە -پۆشینی- دیباج -بۆ پیاوان- (کە جۆرێکی ترە لە ئاوریشمی تەنک ونەرم».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نێردرا بۆ ئەوەی ڕەوشتە جوانەکان کامڵتر وتەواوتر بکات، بۆیە فەرمانی هەموو ڕەوشت وکردەوەیەکی باش وجوان دەکات، ونەهی دەکات لە هەموو ڕەوشت وکردەوەیەکی ناشیرین وخراپ، وهەندێک لەو کردەوە وڕەوشتە جوانانەی کە لەم فەرموودەیەدا فەرمانی پێکردووە، بریتین لە: 1/ سەردانیکردنی نەخۆش کە ئەنجامدانی مافی مسوڵمانە بەسەر برای مسوڵمانیەوە، ودڵدانەوە ونزا بۆ کردن وگەلێک سوودی تری تێدایە. 2/شوێنکەوتنی جەنازە؛ چونکە پاداشتە بۆ مردووەکە بەهۆی نزاکانەوە وهەروەها بۆ ئەو کەسەش کە شوێنی جەنازە دەکەوێت وهەروەها سەلام کردن لە مردووەکان لە کاتی سەردانیکردنی گۆڕستان وپەند وبیرهێنانەوە وزۆر سوودی تریش. 3/ وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی کە دەپژمێت ودەڵێت: (الحمد لله) دەبێت پێی بووترێت: (یرحمك الله). 4/ یارمەتیدانی کەسێک بۆ جێبەجێکردنی سوێندەکەی ئەگەر سوێندی لەسەر شتێک خوارد بۆ نمونە بۆ داوەتیکردن ئەوا لێرەدا باشتر وایە وەڵامی بدەیتەوە وخاتری نەشکێنیت بۆ ئەوەی لەسەری قورس نەبێت وکەفارەتی سوێندەکەی نەدات. 5/ سەرخستنی ستەملێکراو بەسەر ئەو کەسەی کە ستەمی لێکردووە ئەمیش بە گەڕاندنەوەی مافەکانی بۆی، ودوورخستنەوەی دەستدرێژ وشەڕ وخراپەکارییەکانی، ونەهی کردنە لە خراپە. 6/ وەڵامدانەوەی داوەتیکردن چونکە ئەمە دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی دڵەکان وپاکبوونەوەی نەفسەکان، وهۆکارێکی بۆ نەمانی ناکۆکی ونەخۆشییەکانی دڵ بەرامبەر بە یەکتر، ئەگەر داوەتیکردنی هاوسەرگیری (وەلیمە) بوو ئەوا وەڵامدانەوەی واجبە، وئەگەر بۆ شتێکی تر بێت موستەحەبە (سونەتە). 7/ بڵاوکردنەوەی سەلامکردن، سەلام بکەیت لە هەرمسوڵمانێک بیناسیت یان نەیناسیت، وئەمیش جێبەجێکردنی سونەتە، ونزا کردنە بۆ مسوڵمانان، وهۆکارە بۆ هێنانی خۆشەویستی ویەکڕیزی لە نێویاندا. سەبارەت بە ئەو شتانەی کە لە ئەم فەرموودەیەدا نەهی لێکراوە: 1/ لەدەستکردنی (پۆشینی) ئەنگوستیلە -یان هەرشتێکی تر- کە لە ئاڵتون دروستکرا بێت بۆ پیاوان، چونکە خۆچواندنە بە کافرەکان، وهەروەها نیشانەی ئیسراف وبە فیڕۆدانی سامانە، ولە دونیادا نیشانەی فیز وخۆبەگەورەزانینە بەسەر خەڵکیدا، وپۆشینیان لەم دونیادا بۆ پیاوان حەرامکراوە ئەمیش وەکو تاقیکردنەوەیەک. 2/ خواردنەوە -یان خواردن- لە پەرداخ -یان دەفر وشتی تر- کە لە زیو -یان ئاڵتون- دروستکرا بێت چونکە خواردنەوە بەم شتانە لە دونیادا نیشانەی فیز وخۆبەگەورە زانینە بەسەر خەڵکیدا، وهەروەها بە فیڕۆدانی سامانە، ئەگەر خواردن یان خواردنەوە لە پەرداخ یان دەفری ئاڵتون وزیو پێویست بوو ئەوا دروستە؛ چونکە شتی گەورەتر لەمانە قەدەغە کراوە لەبەر هۆکاری گەورەتر بەڵام کە پێویست بکات دروستە ئەنجامبدرێن. 3/ ولە بەکارهێنانی میسار (ڕاخەرێکە -کوشینێکە- لەسەر پشتی ئاژەڵ دادەنرێت لە

ئاوریشم دروستدەکرێت کە لۆکە لەناویدایە وخاوەن ئاژەڵەکە لەسەری دادەنیشێت). 4/ ولە -پۆشینی- قەسی -بۆ پیاوان- (جلێکە لە کەتان دروستدەکرێت کە ئاوریشمیشی تێدایە لە شارەکانی میسر دروستدەکرێت).5/ولە پۆشینی قوماشی ئاوریشم (حەریر) -بۆ پیاوان-. 6/ ولە -پۆشینی- ئیستەبرەق -بۆ پیاوان- (کە جۆرێکە لە جلی ئاوریشمی ئەستوور). 7/ولە -پۆشینی- دیباج -بۆ پیاوان- (کە جۆرێکی ترە لە ئاوریشمی تەنک ونەرم). هەموو ئەمانە (میسار، قەسی، ئیستەبرەق، دیباج) لە چەند جۆرێکن لە ئاوریشم (حەریر) پۆشینیان لە لایەن پیاوانە حەرامکراوە لەم دونیادا؛ چونکە نیشانەیە بۆ ڕابواردن وئیسراف کردن کە پیاو لەم دونیادا بۆ ئەوە دروست نەکراوە، ولەوەیە پۆشینی وا بکات پیاو توندی وچالاکی وئازایەتی وهێزی وەکو پێویست نەمێنێت کە لەم دونیادا زۆر داواکراون بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ناڕەحەتیەکان بە تایبەت لە کاتی بەرگری کردن لە ئاینەکەی وشەرەفی (ناوبانگی) ومافەکانی وخاکەکەی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2944